**بۆکان لە مێژوودا (٣٤٩)** **ئەنوەر سوڵتانی**

# سەفەری دووهەمی ڕێبەرانی کورد بۆ باکۆ

یەکیەتی سۆڤیەتی لە ساڵانی ١٩٤١ و ١٩٤٤ دا دووجار ژمارەیەک لە گەورەپیاوانی کوردی ناوچەی موکریان و بە گشتی بەشی ئازەربایجانی بانگهێشتنی باکۆ کردن کە بە تایبەت ئەوی دووهەمیان بە تەواوەتی نهێنی بوو، گەرچی ئێران گەلێک زوو، واهەیە لەڕێگەی دەزگا زانیارییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاواوە، بە مەسەلەکەی زانی و لە قاوی دا.

لە هەر دوو سەفەرەکەدا پێشەوا قازی محەممەد کەسایەتی سەرەکی بووە و لە هەردوکیاندا خەڵکانی ناوچەی بۆکانی تێدا بەشدار بوون. لە سەفەری یەکەمدا حاجی بابەشێخی سەیادەت و عەلی ئاغای عەلیار (سەردار ئەسعەد) و لە سەفەری دووهەمدا قاسم ئاغای ئێلخانی زادە بەشدارییان کردووە و هەر قاسم ئاغاش دەقی داواکارییەکانی وەفدەکەی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە و پاشان داویانە بە میرجەعفەر باقرۆف سەرۆکی 'کۆماری سوسیالیستی ئازەربایجان'.

بە ماوەی دوو ڕۆژ دوای سەفەری دووهەم، ڕۆژنامەی ئیتلاعات چاپی تاران و چەند ڕۆژنامەی دیکەش لە ١٣٢٤/٧/٩ هەواڵی سەفەرەکەیان ڕاگەیاندوە و بەشوێنیدا ڕۆژنامەی کوهستان چاپی تاران چەندین هەواڵ و تیلگەرافی لەو پەیوەندەدا بڵاو کردۆتەوە:

ژمارە ٢٩ (١٣٢٤/٧/١٦)، سەروتار بە ناوی "مهاباد جداشدنی نیست" بۆ پاساودانەوەی مەسەلەکە؛

ژمارە ٣٠ (١٣٢٤/٧/٢٣)، تێلگەرافی 'قاسم ئێلخانی زادە' کە هەواڵەکەی بە درۆ خستۆتەوە؛

ژمارە ٣٠ (١٣٢٤/٧/٢٣) تێلگەرافی ١٣٢٤/٧/١٨ی 'محمد امین ایلخانی زادە' بۆ بەدرۆ خستنەوەی مەسەلەکە؛

ژمارە ٣١ (١٣٢٤/٧/٣٠)، هەواڵێک کە ڕۆژنامەکە لە زمان 'ستاد ارتش' ەوە ڕایگەیاندووە و گوتوویەتی لە گوندێکی دەوروبەری ڕەزائیە کۆبوونەوەیەک بەستراوە و نووری بەگ باسی سەفەرەکەی بۆ گروپێکی خەڵک کردووە؛

ژمارە ٣٢ (١٣٢٤/٨/٧)، تیلگەرافی 'حمزه مامش' و 'عبدالله قادری' کە هەواڵەکەیان بە درۆ خستۆتەوە؛

ژمارە ٣٢ (١٣٢٤/٨/٧)، تیلگەرافی 'محمد قاضی'، 'محمدحسین سیف قازی'، 'علی ایلخانی'، 'حمزه مامش' و 'عبدالقادر جلدیان' کە هەواڵەکەیان وەدرۆ خستۆتەوە.

*****

هۆکاری نووسینی ئەم بابەتە ئەوەیە کە ڕێزدار حەسەن قازی ڕۆژی ٢٠١٢/٥/٣١ لە سەر لاپەڕەی وێبلۆگی "ڕوانگە" بابەتێکی سەبارەت بە ڕاست بوونی سەفەرەکە و هۆکاری نکوولی کردنی ئەو

کەسانەی وا لە سەفەرەکەدا بوون بڵاو کردۆتەوە و هەوڵی داوە ئەو هۆکارە بدۆزێتەوە. ئەوە گەوهەری بۆچوونەکەی کاک حەسەنە:

*"..... حکوومەتی شووڕەوی لە لایەکەوە لە بەر ئەو بەرعۆدەبیانەی لە ئاست دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتی بریتانیا بوویەتی و لە سەرێکی دیکەشەوە بۆ ڕێگاخۆش کردن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوور حەولی داوە دەوڵەتی لاوازی ئێران لە خۆی نەورووژێنێ، جا بۆیە لە دانوستاندنەکانی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان دا زۆر لە سەرهەست و بە ئیحتیات جووڵاوەتەوە. وێدەچێ یەکێک لە مەرجەکانی ئەو بانگهێشتنەی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە نهێنی هێشتنەوە و باس نەکردنی بووبێ..."*

واتە ئەو نهێنی کاریانەی ڕێبەرانی کورد نەک لە ترسی دەوڵەتی ناوەندی ئێران، بەڵکوو بە گوێرەی ڕاسپاردە و داوخوازیی سۆڤیەتییەکان و حکوومەتی ئازەربایجانی باکووریی بووە کە نەیانویستووە مەسەلەکە گەورە بکرێتەوە و ببێتە هۆکارێکی گوشاری سیاسیی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بۆسەریان.
سەمەرە ئەوەیە عەلیاغای عەلیار کە دەگوترێت لەو سەفەری دووهەمەدا لەگەڵیان نەبووە، یەک لەو کەسانە بووە کە لەگەڵ پێشەوا نامەی نکوولی کردنی ئیمزا کردووە و ناردوویەتی بۆ تاران.

ئەوە ئەدرەسی وێبلۆگی "ڕوانگە" بۆ ئەو باسە:

http://ruwange.blogspot.co.uk/2012/05/blog-post_31.html

ئەوش سەرجەمی ووتارەکەی کاک حەسەن:

راستیی سەفەری باکۆ و نکووڵی کوردان



**حەسەنی قازی**

چەند مانگ بەر لە ڕاگەیاندنی جمهووری کوردستان لە مەهاباد، دەستەیەکی نوێنەرایەتی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازیی محەممەد سەری لە باکۆ دا و دەکرێ بڵێین ئەو سەفەرە وورەی کوردانی بۆ بەدەستەوە گرتنی دەستەڵاتی خۆیی ئەوەندەی دیکەش بردە سەرەوە. بەڵام بە ئاوڕدانەوە سەر چاپەمەنی ئەو سەر و بەندی تاران و تەنانەت نوتقی مەجلیسی شووڕای میللی دەبینین ئەو کەسایەتییانەی لە دەستەی نوێنەرایەتی کورد دابوون بە ناردنی تێلگراف بۆ ڕۆژنامەکانی تاران و بە ڕێگای سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شووڕای میللی ئێران بە تەواوی نکووڵیان لەو سەفەرە و لەو پێوەندییە کردووە

ئەو سەفەر لە هەلومەرجێک دا کراوە کە هێشتا بەشێکی زۆر لە باکووری ئێران و لەوانە هێندێک ناوچەی کوردنشین و هاوبەش لەگەڵ ئازەربایجان لە ژێر کۆنترۆلی ئەرتەشی شوڕەوی دا بووە و حکوومەتی شووڕەوی لە لایەکەوە لە بەر ئەو بەرعۆدەبیانەی لە ئاست دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و دەوڵەتی بریتانیا بوویەتی و لە سەرێکی دیکەشەوە بۆ ڕێگاخۆش کردن بۆ وەرگرتنی ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوور حەولی داوە دەوڵەتی لاوازی ئێران لە خۆی نەڕووژێنێ، جا بۆیە لە دانوستاندنەکانی لە گەڵ بزووتنەوەی کوردستان دا زۆر لە سەرهەست و بە ئیحتیات جووڵاوەتەوە

وێدەچێ یەکێک لە مەرجەکانی ئەو بانگهێشتنەی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بە نهێنی هێشتنەوە و باس نەکردنی بووبێ کە بە پێی گێڕانەوەی ئێگلتن سەفەرەکە لە لایەن ئەفسەری سیاسی شووڕەوی لە ئازەربایجانی ئێران ژەنەڕاڵ سەلیم ئاتاکیشیێوف ڕێک خراوە ،وا دیارە بەشێکی زۆری نکۆڵی کردنی سەرانی کورد لەو سەفەرە و لەو پێوەندییە لە بەر ئەو بەرعۆدەبییە ئەخلاقییە بووە، بەڵام کاتێک وەڵامی "تۆمەتەکانی" چاپەمەنییەکانی تاران دەدرێتەوە، بەتەواوی نکووڵی لەو سەفەرە دەکرێ و بە حەولێک دادەندرێ بۆ تێکدانی ئارامی کوردستان، لە کاتێکدا هەر ئەو دەمی بە گوڕ ئامادە کاری کراوە بۆ سڕینەوەی هەموو نیشانەیەکی دەستەڵاتی حکوومەتی ناوەندی هەر نەبێ لە هێندێک لە شوێنەکانی بەر دەستی بزووتنەوەی کورد دا.دیارە ئەوە لە خۆیدا ناکۆکییەک وەڕوو دەخا

ڕوونکردنەوەی ووردی تاریخی ئەو سەفەرەش لە پێوەندی لەگەڵ ڕاگەیاندنی چالاکییەکان بە نێوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان گرینگە - مەبەست لە تاریخی بەسترانی کۆنگرەی یەکەمی حیزبی دێمۆکرات نییە - ، ئیگلتن دەڵێ ئەو سەفەرە لە مانگی سێپتامبر دا کراوە و لەو چاو پێکەوتنەش دا کە گۆواری "ڕوانگە " لە گەڵ میرزا مەنافی کەریمی کردووە (بڕوانە خوارەوەتر) 21ی خەرمانانی 1324ی هەتاوی بە بەرواری ئەو سەفەرە داندراوە، لە یەک دوو سەرچاوەی دیکەش دا هەر ئاماژە بە کۆتاییەکانی خەرمانان کراوە. بەڵام ڕاستی ئەوەیە حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بە بۆنەی 12ی خەرمانان ڕۆژی تەشکیلی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان پیرۆزبایی لەو فیرقەیە کردووە. دوو تێلگراف بە ئیمزای محەممەدی یاهۆ و بە نوێنەرایەتی بیست هەزار لە ئەندامانی حیزبی دێمۆکراتی کورد[ستان] لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا چاپ کراوە [ ژمارە 3، چوارشەمۆ 21ی خەرمانانی 1324ی هەتاوی] ئەوەش دەیسەلمێنێ حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان( کە لە چاپی ئەو تێلگرافانە لە ڕۆژنامەی آذربایجان دا وەک " حیزبی دێمۆکڕاتی کورد " باس کراوە ) بەر لە فیرقە دامەزراوە و لە سەرێکی دیکەشەوە هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی پێکهاتنی حیزب دەکەن دەڵێن دوای سەفەری دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ باکۆ ئیدی ژ.ک. بە ناوی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان درێژەی بە

چالاکییەکان داوە. کە وابوو ئەو سەردانە نەک لە کۆتاییەکانی مانگی خەرمانان دا، بەڵکوو دەبێ پێشتر کرا بێ

لەم نووسینە دا ، سێ ڕیوایەت لەو سەفەرە دەگێڕینەوە کە نێوەرۆکیان تا ڕادەیەک جیاوازییان هەیە. ئەوە زاندراوە کە یەکێک لە زانیاریدەرانی ئیگلتن بۆ نووسینی کتێبەکەی ڕەحمەتی مەنافی کەریمی بووە و دەکرێ سەبارەت بەو سەفەرە ئەویش وەک ڕەحمەتی قاسمی ئێلخانیزادە قسەی بۆ ئیگلتن کردبێ، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ڕیوایەتی ئیگلتن و ئەوەی کە زۆر ساڵ دواتر مەنافی کەریمی لە وەڵامی گۆواری ڕوانگە دا گوتوویە. بۆ وێنە ئیگلتن دەنووسێ: " ... دوایە باقرۆف هاتە سەر لایەنی سیاسی بزووتنەوەی کورد. ئەو گوتی کۆمەڵە، بەو شێوەیەی ئێستای ناتوانێ هیچ وەدەست بهێنێ. بە سەرکەوتنی دێمۆکراسی لە دنیا دا، بە تایبەتی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، شانشینی بریتانیا و، کۆمارە یەکگرتووەکانی شووڕەوی سۆسیالیستی ، بزووتنەوەیەکی کوردی تەنێ دەتوانێ لە ژێر ئاڵای " حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان" دا سەرکەوێ." لە کاتێک لە وەڵامی ڕوانگە دا مەنافی کەریمی دەڵێ : "باقرۆف کوتی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێ.کاف کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا لە دنیای ئەمڕۆ دا قبووڵ ناکرێ و دەبێ ئامانجەکانی کۆمەڵەکەتان هێندێک سەنگ و سووک بکەن، دەنا ( تازە شەڕ بڕابووەوە) دەبێ شووڕوی لە بەر کوردەکان خۆی تووشی شەڕی سێیەمی جیهانی بکا

کەریمی دەڵێ دواخوازی یارمەتی لە شووڕەوی دوای گەڕانەوە لە سەفەر گەڵاڵە کراوە و بۆیان ناردراوە، لە کاتێکدا ڕیوایەتی ئیگلتن جیاوازە لەوە. ئیگلتن لە لاپەڕەکانی ٤٣-٤٤-٤٥،٤٦ ی کتێبەکەیدا : (کۆماری کوردی 1946، چاپی1963) ئاوا باسی ئەم سەفەرە دەکا

**سەردانی دووەم لە باکۆ**

لە کۆتاییەکانی سێپتامبری 1945، ژەنەراڵ ئاتاکیشیۆف، ئەفسەری سیاسی سەرەکی ڕووسییە لە ئازەربایجان بە قازیی محەممەدی ڕاگەیاند، کاتی ئەوە هاتووە دەستەیەک لە کوردانی پایەبەرز سەردانی یەکێتی شووڕەوی بکەن و، لەوێ چاویان بە کاربەدەستانی شووڕەوی بکەوێ و باسی دادێی کوردستانیان لەگەڵ بهێننەگۆڕێ. لەوەتا سەردانی یەکەمی سەرۆک عەشیرەتەکان لە پێتەختی ئازەربایجانی شووڕەوی لە ساڵی 1941 ، هەڵوێستی یەکێتیی شووڕەوی سەبارەت بە کوردستانی ئێران بە تەواوی گۆڕابوو. لە ساڵی 1942 یەکێتیی شووڕوەی قوربانییەکی گەمارۆ دراوی هێرش و دەستدرێژی نازی بوو و حەولی دەدا دەستەڵات و دەک و دۆلابی ئەڵمانییەکان لە هەرێمە کوردییەکانی پشتی بەرە بڕەوێنێتەوە. بەڵام لە ساڵی 1945 یەکێتیی شووڕەوییەکی سەرزیندوو و سەرکەوتوو خەریکی خۆ ئامادە کردن بوو بەتەواوی لە هەلومەرجی بگۆڕی دوای شەڕ کەڵک وەربگرێ و بە دووی وەدیهێنانی ئاواتە نەریتییەکانی ڕووسیە دا بچێ. لە پێناو ئەو حەوڵە دا وا دادەندرا سەردانی دووەمی دەستەیەکی نوێنەرایەتی کورد لە باکۆ نەک هەر ئەوەی شوێنێکی باشیان لە سەر بکا بەڵکوو ئامادەکارییەکیش بێ بۆ بەدەستەوەگرتنی ڕێبەرایەتی بزووتنەوەیەکی کوردی لایەنگری شووڕەوی کە بە حەولی کۆمۆنیستی – ناسیۆنالیستی لە ئازەربایجان [ی ئێران] دەبەسترێتەوە. بۆ ئەو جارە قازیی محەممەد، بە هاوکاری خانەخوێیە ڕووسەکان، ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتییەکەی دیاریی کرد. جگە لە قازیی محەممەد خۆی، مەنافی کەریمی و عەلی ڕیحانی نوێنەرایەتی مەهابادیان دەکرد. لە بۆکانەوە لە قاسم ئاغای ئێلخانیزادە گێردرایەوە، لە میاندواوەوە سەیفی قازی یان لە گەڵ بوو و ؛ سەرۆک

عەشیرەتەکانی دی بریتی بوون لە عەبدوڵای قادری و کاک هەمزەی نەڵۆس سەر بە عەشیرەتی مامەش و، نووری بەگ سەر بە عەشیرەتی بەگزادە [ نوری بەگی عەبباس نەژاد

لە ڕۆژئاوا و لە خوارووی دەریاچەی [ ورمێ] ڕا ، دەستەکە لە تەورێز کۆبوونەوە و بە هێندێک لە ئەندامانی گوترابوو لەوێ لە گەڵ دوکتور سەمەدۆف لە نەخۆشخانەی ڕووسییە پێوەندی بکەن.دواتر ئەوان لە موسافیرخانەی پچووکی ژالە کۆبوونەوە و لەوێوە بە ماشین بردیانن بۆ وێستگەی ترێن کە ئەوەش تێرمیناڵی باشووریی سیستمی ڕێگای ئاسنی ڕووسییە بوو؛ چونکە لە ساڵی 1945 دا شەبەکەی ڕێگای ئاسنی ئێران تەنێ دەگەیشتە نێوەی ڕێگای نێوان تاران بەرەو تەورێز. میوانەکان لەوێ سواری واگونێکی تایبەتی کران و پێیان ڕاگەیێندرا مەقسەدی سەفەرەکە باکۆیە. ئەگەرچی ئەوە یەکەم نیشانەی ڕوون بوو کە ئامانجی سەفەرەکەیان لە تەورێز تێدەپەڕێ، بەڵام زۆربەی دەستەی نوێنەرایەتییەکە لە بەر نهێنی کارییەکی کە لە گۆڕێ دا بوو هەستیان پێ کرد بوو سەفەرەکەیان دەگاتە کۆمارەکانی یەکێتیی شووڕەوی سۆسیالیستی. لە نێو ئەوان دا تەنیا قازیی محەمەد بە هەموو شتی دەزانی. میوانەکان لە باکۆ ، لە لایەن خانەخوێیەکانیانەوە ئەلایۆف و ئەییووب کەریملی یەوە پێشوازییان لێ کرا.لە وێستگەی ترێن بە شێوەی نەریتی دەسکە گوڵیان دانێ و دوایە بە ماشێن بردیانن بۆ میوانخانەی مەردەکان چەندین میل بەرەو باکوور



بۆ بەیانییەکەی ڕا دەستەکە کۆبوونەوە بۆ گەڵاڵە کردنی هێندێک پێشنیاز کە بیدەن بە دەست ئەلایۆف بۆ ئەوەی بە دەستی حکوومەتی شووڕەوی بگەیێنێ لە شەخسی باقرۆف دا کە سەرۆک وەزیری کۆماری سۆسیالیستی ئازەربایجانی شووڕەوی بوو. قاسم ئاغای بۆکان، لە بەر خەت خۆشی هەڵبژێردرا و، ئەویش بەکاوەخۆ ئاواتی کوردەکانی بۆ هەبوونی دەوڵەتێکی جوێ و پێداویستی بە

یارمەتی یەکێتیی شوورەوی بە شێوەی چەک و دراو هێنا سەر کاغەز. ئەو داوخوازە بەر لەوەی دەستەی نوێنەرایەتییەکە چاویان بە باقرۆف بکەوێ بە دەستی گەیێندرا. لە سەعات 7ی ئێواری دەستەی نوێنەرایەتییەکە برانە لای پیاوێکی باڵابەرزی، وێچووی، ئامادە کە تەمەنی نیزیک شێست ساڵ دەبوو بەڵام گەنجتر دیار بوو.سیمای و ئەو زمانەی بەکاری دەهێنا بۆ میوانە کوردەکان غەریب نەبوو،چونکە ئەو تورکێکی ئازەربایجانی ئاسایی بوو و بە لەهجەیەکی تورکی قسەی دەکرد کە هێندە لە زمانی تەورێز دوور نەبوو کە، ئەوەش زۆربەی کوردەکانی باکوری ئێران لێی تێدەگەن. باقرۆف کۆبوونەوەکەی بە شیکردنەوەی هەڵوێستی شوورەوییەکان سەبارەت بە نەتەوایەتییەکان کردەوە و ڕایگەیاند، ئەو گەلانەی زمان و کولتووری جیاوازیان هەیە دەبێ حکوومەتی جوێی لەمەڕ خۆیان هەبێ. ئێران لە چوار 'نەتەوە'ی ئاوا پێک هاتووە و ئەوانە بریتین لە فارسە فارس زمانەکان، خەڵکی گیلەکی زمانی کناری باشووری بەحری خەزەر، خەڵکی تورک زمانی ئازەربایجان و گەلی کورد زمانی کوردستان. هەر کام لەوانە دواجار دەبێ خۆسەری ناوچەیی خۆیان هەبێ و یەکەم لە نێو ئەوانە دا دەبێ تورکەکانی ئازەربایجان بن. ئەو ڕایگەیاند هیچ پێویست ناکا، کوردەکان پەلەبکەن بۆ ساز کردنی دەوڵەتی لەمەڕ خۆیان. ئازادی کوردان دەبێ لە سەر بنەمای سەرکەوتنی هێزە جەماوەرییەکان هەڵنرێ نەک تەنێ هەر لە ئێران، بەڵکوو لە عێراق و تورکییەش. دەوڵەتێکی جیاوازی کوردی کە دڵ پێی دەوێ لەدادێ دا دەکرێ کاتێک لە بەرچاو بگیرێ کە بکرێ هەموو 'نەتەوە' [ی کورد] یەک بخرێن. تا ئەو دەمی ئاواتی کوردەکان دەکرێ لە چوارچێوەی خودموختاری ئازەربایجان دا وەدی بێ.

ڕەنگە ئەوە جاری یەکەم نەبووبێ کە قازیی محەمەد دەکەوتە بەر ئەو جۆرە ئیستیدلاڵ کردنەی ئازەربایجانی. جا بۆیە لە وولام دا بە ڕاشکاوی وڕوونی ڕایگەیاند کوردەکان بڕیاریان داوە خودموختارییەکی جوێ لە ئی ئازەربایجانیان هەبێ. باقرۆف ئەوەی لە دەستی دەهات کردی بۆ پشتیوانی لە هەڵوێستی هاوکارە ئازەربایجانییەکانی لە تەورێز. ئێستا ئەو دەبوو بە ئەدەبەوە مل بۆ داوای کوردەکان ڕاکێشێ. باقرۆف لە کاتێکدا بەمست لە سەر مێزی دەکۆتا گوتی ' تا ئەو ڕۆژەی یەکێتی شووڕەوی مابێ کوردەکان سەربەخۆیی خۆیان دەبێ'. قازی لە وولامی گورەی سۆزاوی خانەخوێیەکەی دا گوتی، نەتەوەیەکی لاواز هەر دەستێکی کە بەرەو ڕووی درێژ بکرێ دەی گرێتە ناو دەستی و ' ئێمە نەک هەر ئەو دەستە دەگوشین، بەڵکوو ماچیشی دەکەین

دوایە چا خواردنەوە بە دەم سەرنجدانە سەر ئەو کەلوپەلانەی کوردەکان پێداویستیان پێی بوو تێپەڕی و؛ لێرە دا قازی چیرۆکی لادێییەکی هەژاری گێراوە کە ئاغا تاجییەکی ڕاوی دابوویە. بۆ ڕۆژی دواتر کابرا چووەوە لای ئاغا و دەستی کرد بە سپاس کردنی ئاغا و بەو پەڕی خۆ بەکەمگرتنەوە هەر سپاسی ئاغای دەکرد و لێی نەدەبرییەوە. ئاغاکە ئەوەی زۆر پێ سەیر بوو و لە کابرای لادێیی پرسی باشە بەخشینی تاجییەک بە تۆ ئەو هەموو سپاس و مەرایی لەبەر کردنەی بۆچییە. کابرای لادێیی وولامی داوە : " لە بەر ئەوەی تاجییەکی ڕاوت داومەتێ ، ئەمن دەزانم دەبێ مەبەستی بەڕێزت ئەوە بێ ئەسپێکیشم بدەیەی سواری بم و ڕاوی پێبکەم و ، دوای ئەوەی ئەسپەکەت دامێ بە دڵنیاییەوە تفاقیشم دەدەیەی بۆ ئەسپەکەم و دیارە هەڵبەت هەم ئەسپەکە و هەم خاوەنەکەشی دەبێ سەرپەنایەکیان هەبێ تێیدا بحاوێنەوە و جا ئەو دەمی ئەمن لە نێو بەنی ئادەمان دا لە هەموویان زیاتر ڕازی دەبم". قازی بۆ ئەوەی دڵنیا بێ باقرۆف لە قسەکانی تێگەیشتووە گوتی لە بەر ئەوەی کوردەکان بەڵێنی

دەوڵەتی خۆیان پێ دراوە چاوەڕوانی ئەوەش دەکەن کەلوپەلی مادی پێویستیان بدرێتێ بۆ ئەوەی بەرگری لەو دەوڵەتە بکەن و پێشی بخەن

دیار بوو باقرۆف لە نێوەرۆکی چیرۆکەکە گەیشتبوو و لە وولام دا هەر ئەوەی گوت کە بیستەرانی پێیان خۆش بوو بی بیسن. بەشێوەیەکی گشتی بەڵام پتەو ئەو بەڵێنی دا کەلوپەلی نیزامی لە وانە تانک، تۆپخانە، موسەلسەل و تفەنگ دەنێردرێ بۆ مەهاباد. ئەو هەر وەها بە سەرداگیراوی بەڵێنی دانی پشتیوانی داراییشی پێ دان و تەرخان کردنی جێگە بۆ خوێندکارانی کورد لە کالیجی نیزامی باکو بۆ هەر چەند خوێندکارەی بتوانن بیاننێرن. ئەو پێی گوتن داوا لە پیشەوەری دەکەن لەو زانکۆیەش دا کە لە تەورێز دادەمەزرێندرێ هەشتا خوێندکاری کورد وەربگیرێن و، چاپخانەیەکیش دەنێردرێ بۆ مەهاباد بۆ ئەوەی بتوانن بە زمانی کوردی شتی پێ چاپ بکەن

دوایە باقرۆف هاتە سەر لایەنی سیاسی بزووتنەوەی کورد. ئەو گوتی کۆمەڵە، بەو شێوەیەی ئێستای ناتوانێ هیچ وەدەست بهێنێ. بە سەرکەوتنی دێمۆکراسی لە دنیا دا، بە تایبەتی لە دەوڵەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، شانشینی بریتانیا و، کۆمارە یەکگرتووەکانی شووڕەوی سۆسیالیستی ، بزووتنەوەیەکی کوردی تەنێ دەتوانێ لە ژێر ئالای " حیزبی دێمۆکراتی کوردستان" دا سەرکەوێ. باقرۆف هەر وەها ئاماژەی کرد بە ڕاپەڕینی چەکدارانەی مەلا مستەفای بارزانی کە چەندین مانگ بوو لە باکووری عێراق لە گۆڕێ دابوو و ئیدیعای دەکرد سەر بە " ڕزگایی کورد" واتە بزووتنەوەیەکی ناسیۆنالیستی کوردی بەربڵاوتر بێ. باقرۆف دەستەی نوێنەرایەتی ئاگادار کردەوە کە مەلا مستەفا [.....] بریتانیایە بۆیە دەبێ دڕدۆدۆنگی لێ بکرێ و بەئیحتیاتەوە دانوستاندنی لەگەڵ بکرێ

بۆ سەر لە بەیانی ڕۆژی دواتر، لە کاتێکدا [دەستەی نوێنەرایەتی] سەردانی شوێنە دیدەنییەکانی باکۆیان دەکرد، کەریملی ئاگاداری کردن مەلا مستەفا و بارزانییە چەکدارەکان ئێستا لە سنوور لە نیزیک تێپەڕگەی کێلەشێنن و خۆیان ئامادە دەکەن بێنە نێو ئێران. هەر ئەو ڕۆژە دواتر دەستەکە ئاگادار کرایەوە ئەو سەفەرەی بڕیار بوو بیکەن بۆ تفلیس هەڵوەشاوەتەوە بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن دەستبەجێ بچنەوە ماڵێ بۆ ئەوەی ئامادەکاری پێویست بکەن،

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە دەستەی نوێنەرایەتی دەستە گوڵیان لە سەر گۆڕی عەزیزۆف دانا لە نیزیک پەیکەری کیرۆف. قاسم ئاغای ئێلخانیزادە کاتەکەی ئەو ڕۆژەی چاک وەبیر دێ چونکە یەکێک لە ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی لە بەر ئەو پەیکەرە نوێژی ئێوارەی دابەست.ئەوێ شەوێ موسیقاژەنانی ئازەربایجانی لە هۆتێلەکەیان میوانە کوردەکانیان سەرگەرم کرد و چەند لە میوانەکان سووکێکی خۆیان دزییەوە بۆ دیوێکی قەراغێ بۆ ئەوەی بە دوور لە چاوی قازیی محەمەد چەند گێلاس کۆنیاکی گورجی فڕ کەن. ئیحتیاتێکی ئاوا پێویست بوو چونکە خانەخوێیە کۆمۆنیستەکان حەولیان دەدا بە قازی بسەلمێنن ئەوان ڕێز لە نەریتە موسوڵمانەتییەکانی کوردەکان دەگرن. تەنانەت ئەو مەڕەش کە بۆیان کوشتبوونەوە، بە میوانەکانیان ڕاگەیاند بە پێی نەریتی باشی موسڵمانی و ڕێوشوێنی پێویست سەر بڕاوە

بۆ سبەینێ سەعات ٨ی سەرلەبەیانی کوردەکان سواری هەمان واگونی ڕێگای ئاسن بوون کە پێی هاتبوون بۆ باکۆ. وەکوو نیشانەی دۆستایەتی هەرکامەیان پۆرترەیەکی ڕەنگی یۆسف ستالینیان درایە کە دەقاپ گیرابوو و ڕازابووەوە، بەڵام ئەوە لە گشت ئەو بارانەی شووڕەوی سووکتر بوو کە لە باکۆ لە سەر شانیان داندرابوو. دەستەی نوێنەرایەتی خۆشبین و شاد بوون بێ ئەوەی بەتایبەتی گوێ بدەنە ، ئاگادار کردنەوەکانی باقرۆف، سەبارەت بە مەبەستەکانی مەلا مستەفا ؛ چونکە ئەوان بە پتەوەی باوەڕیان بە خۆیان و بە مەلا مستەفا هەبوو کە کوردێک هەر وەک کورد دەمێنێتەوە هەر کە ئاواتەکانی کوردان وەدی هات پێوەندی یان بەرعۆدەیی لە ئاست دەرەوە دەڕەوێتەوە و نامێنێ

ڕیوایەتەکەی دیکەی ئەو سەفەرەش ئی مەنافی کەریمی یەوە کە نیزیکەی 40 ساڵ دواتر لە ڕیوایەتی یەکەم گێڕاویەتەوە

"بەشێک لە وتووێژی گۆواری ڕوانگە لە گەڵ مەنافی کەریمی ، گەلاوێژی 1382

/ ژوویيەی 2003

لە سەفەری دوویەمدا بۆ باکۆ کە لە 21ی خەرمانانی ساڵی 1324ی هەتاویدا کرا چ جۆرە مەسەلەیەک هاتە گۆڕێ؟



* سێ ساڵ لە پێکهاتنی ژێ.کاف تێپەڕیبوو و ڕووسەکان چەند جار بە ڕێگەی مەئموورەکانی خۆیان کە لە هەموو ئازەربایجان و کوردستانی موکریان دا هەبوون بە ئێمەیان کوتبوو بچن و لە گەڵ سەرانی ئازەربایجان قسە بکەن و ئامانجەکانی ژێ.کاف یان بۆ ڕوون کەنەوە.دواجار دەستەیەکی 7

کەسی کە بریتی بوون لە قازیی محەمەد، محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، قاسمی ئێلخانیزادە، ئەمن، کاک هەمزەی جەڵدیان، نووری بەگی بەگزادە و عەلی ڕیحانی چووینە باکۆ و ڕۆژێک بەر لەوەی چاومان بە میر جەعفەر باقرۆف بکەوێ داوخوازەکانی خۆمان ئامادە کرد و لە ماڵە خۆی چاومان پێی کەوت و لە بەر ئەوە ی تورکیمان دە زانی پێویستی بە دیلمانج نەبوو. باقرۆف کوتی ئامانجەکانی کۆمەڵەی ژێ.کاف کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکا لە دنیای ئەمڕۆ دا قبووڵ ناکرێ و دەبێ ئامانجەکانی کۆمەڵەکەتان هێندێک سەنگ و سووک بکەن، دەنا ( تازە شەڕ بڕابووەوە) دەبێ شووڕەوی لە بەرکوردەکان خۆی تووشی شەڕی سێیەمی جیهانی بکا. بە کورتی دوای گەڕانەوە لە باکۆ کۆبوونەوەیەکمان لە باغی عەزیزئاغا کە زۆربەی خەڵکی مەهاباد و هەموو ئەندامانی ژێ.کاف تێیدا ئامادە بوون، پێک هێنا و لەو دانیشتنە دا قازیی محەمەد ئاکامی سەفەرەکەی بۆ خەڵک باس کرد و سەبارەت بە گۆڕینی نێو و ئامانجەکانی کۆمەڵە پرسی پێکردن و هەر لەوێ بە پێی لە دوودانی خەڵک ژێ.کاف نێوی خۆی گۆڕی و دوای چەند ڕۆژ لە گەڕانەوەی دەستەی نوێنەرایەتی لە باکۆ بە دوای گۆڕینی نێو لە لایەن حیزبی تازە دامەزراوەوە، لیستێکی بە وردە ڕیشاڵمان لە داواکانمان ئامادە کرد و ناردمانە باکۆ

کە ئەوانەی خوارەوەم لە بیر ماوە و بۆشیان پێک هێناین

١- ماشێنێکی چاپی گەورە کە پێداویستییەکانی ئێمە بۆ چاپی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی دەرسی جێ بەجێ بکا

٢- دوازدە ماشێنی نیزامییان بۆ گواستنەوەی پێشمەرگە و کەلوپەلی سەربازخانە لە بەر دەست ناین

٣- موافەقەت کرا 60 کەس لە لاوانی خوێندەوار بۆ پەروەردەی سەرکردەیی (ئەفسەری) و زانکۆی جۆر بە جۆری دیکە بنێرینە باکۆیە و 40 کەسیشمان بە خوێندنگە نیزامییەکانی ئازەربایجانی ئێران کە لە لایەن دەوڵەتی شووڕەوییەوە بۆ ئازەربایجانی ئێران ساز کرابوون ناساند و لە ماوەی 3 ڕۆژان دا ناردنی خوێندکارەکان دەستپێکرد

٤- بە مەبەستی ئابووری و بۆ گەشە پێدانی خۆش گوزەرانی گشتی بە تایبەتی بازرگانان شیرکەتێک بە نێوی تەڕەقی" لە لایەن بازرگانان و کاسبانەوە دامەزرا کە کەلوپەلی پێویست دەنێردرا بۆ ئەو شیرکەتە

٥- ئەوکەسانەی دەیانەویست ببنە پێشمەرگە و پەروەردەی نیزامی ببینن دەچوونە سەربازخانەکان بۆ پەروە ردە کردنیان سەرکردەیەک ( ئەفسەرێک) بە نێوی کاکاغا کە لە شووڕەویەوە هاتبوو، دەستی بەکار کرد

٦- دەزگایەکی ڕادیۆ کە تا نێو مهاباد و دەور و بەری بڕی دەکرد دامەزرا

٧- دەستەیەکی مووزیکی نیزامی بۆ ڕۆژانی جێژن و شادی و ڕێوڕەسمی نیزامی لە پێشمەرگەخانەی مەهابادێ دامەزرا

٨- دەزگایەکی سینەمای گەڕۆک کە بۆبانگەشەی حیزبی کەلکی لێ وەردەگیرا وخەڵک پێشوازییان لێکرد لە لادێکان و لە نێو شاری مەهاباد دا دەستی بە کار کرد



علی ریحانی از فعالین جمعیت تجدید حیات کرد در سال ۱۳۲۴ شمسی

ئەو ڕێوایەتانە لە نێوەرۆکی سەفەر بۆ باکۆ و پێوەندی لە گەڵ شووڕەوی وەک لە سەرەتای ئەم نووسینە دا باس کرا لە لایەن کوردەکانەوە بە توندی نکووڵی لێکرا. وا دیارە چاپەمەنی تاران بە دەستکیسی هێندێک لە کاربەدەستانی دەوڵەت زۆریان لە سەر ئەو سەفەرە نووسیبێ. ڕۆژنامەی اطلاعات لە ژمارەی 5871 ی خۆیدا، دووشەمۆ 9ی ڕەزبەری 1324ی هەتاوی ئاوای نووسیوە

بە پێی ئەوەی زاندراوە چەند کەس کورد بە ناوی قازیی محەمەد – ئێلخانی زادە - محەمەد حوسێنی سەیفی قازی – عەلی ڕیحانی – هەمزاغا مامەش – عەبدوڵا کوڕی حاجی هەمزەی جەڵدیان و چەند کەسی دیکە کە خۆیان بە سەرکردە و دەستڕۆیشتوویانی ناوچەیی کوردەکانی مەنتەقەی مەهاباد و لە دامەزرێنەرانی حیزبی "کۆمەڵە" دەزانن چەند ڕۆژ لەمەو بەر هاتوونەتە تەورێز و دەستبەجێ بە بێ ئاگاداریی کاربەدەستانی ناوچەیی و ئەنجام دانی ڕێو شووێنی قانوونی و بە بێ وەرگرتنی پاسپۆرت بەرەو بادکووبە چوون . بەو جۆرەی ڕاگەیێندراوە حیزبی "کۆمەڵە" حیزبێکە لەو دواییانە دا لە مەهابادی کوردستان پێک هاتووە و ئەساسنامە و مەرامنامەکەی وە ئی حیزبی دێمۆکراتی ئازەربایجان دەچێ واتە لایەنگری سەربەخۆیی کوردستان ە. وەک باس دەکرێ سەبارەت بە شێوەی چوونی ناوبراوانی سەرەوە بۆ خاکی شووڕەوی لە لایەن وەزارەتی کارو باری دەرەوە ڕا ئعتراز کراوە و بۆ گەڕاندنەوەی ئەوانیش هێندێک هەنگاویان هەڵهێناوەتەوە

لە وەڵامی ئعترازی قاسمی ئێلخانیزادە دا بەو نووسراوەیەی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ئەو ڕۆژنامەیە دەڵێ ئەو زانیاریانە لە لایەن کاربەدەستانەوە بە ئێمە دراون و ئەوەش وەک پرسیارێک دەمێنێتەوە کە کارمەندانی کۆنسوولخانەی ئێران لە باکۆ چۆنیان بەو سەفەرە زانیوە و ڕاپۆرتیان داوەتەوە بە دەوڵەتی ئێران. لە خوارەوە نامەی ئعترازی قاسمی ئێلخانیزادە و وەڵامی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات دەخوێنینەوە

ڕۆژنامەی ئیتیلاعات ، پێنجشەمۆ 19ی ڕەزبەری 1324ی هەتاوی / 11ی ئۆکتۆبری 1945

ئێلخانیزاده وەدرۆی دەخاتەوە

ماوەیەک لەوە پێش خەبەرێکمان بڵاو کردەوە کە چەند کەس کورد کە خۆیان وەک دامەزرێنەری حیزبی " کۆمەڵە" ناساندووە بە بێ ئاگاداری کاربەدەستانی ناوچەیی و لە بەر چاوگرتنی پێویستییە قانوونییەکان و وەرگرتنی پاسپۆرت بەرەو بادکووبە چوون و لە ناو ئەواندا ناوی ئاغای ئێلخانیزادەش هاتبوو. لەو دواییانە دا ئاغای ئێلخانیزادە تێلگرافێکی بەم نێوەرۆکەی خوارەوە بۆ دەفتەری ڕۆژنامەی ئیتیلاعات ناردووە کە دەقی ئەم تێلگرافە لێرە دا چاپ دەبێ

ئاغای بەڕێوەبەری بەڕێزی ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ڕوونووس نامەی کوهستان، ڕوونووس قیام ایران، ڕوونووس کیهان، ڕوونووس کانون، ڕوونووس کشور

لە لاپەڕەی 4ی ژمارە 5871ی ڕۆژنامەی ئیتیلاءات دا لە ژێر سەردێری " حەرەکەت بەرەو بادکووبە" کە ووشەی ئێلخانیزادەم دی واقم وڕما، ئەمن کە یەکێک لە تاکوتەرای بنەماڵەی ئێلخانیزادەم بۆ پێشگرتن لە هەڵە و ئاڵۆزی بیرو ڕای گشتی ڕادەگەیێنم کە:بنەماڵەی ئێمە، بنەماڵەیەکی چەند سەد ساڵەیە و پێشینەی درەوشاوەی نیشتمان پەرستی و خزمەتە بەرچاوەکانیان بە ووڵاتی خۆشەویست بۆ هەمووان ئاشکرایە و سابیت بووە و قەت پچووکترین پەڵەی خەیانەت لە سەر داوێنی هیچکام لە ئەندامانی نەنیشتووە و جگە لە خزمەت بە نیشتمان و داوخوازی ئاشتی و هێمنایەتی هیچ هەنگاوی دیکەیان هەڵنەهێناوەتەوە. ئەو کەسانەی ئاشنایەتییەکی کەمیان لە گەڵ ئازەربایجان و بە تایبەتی کوردستان هەبێ بێتوو لە ڕێگای ئینساف و ویژدان لا نەدەن تەسدیق دەکەن دروشمی نیشتمانپەرستی و ئێراندۆستی لە سەدەی یەک لە دوای یەک دا دروشمی بنەماڵەی ئێمە بووە و هەیە و هەر ئاواش دەبێ. جا ئێستا بۆ من زۆر جێی داخە دەبینم لە لایەن هێندێک کەسی بەغەرەز و سەر بە گۆنگەڵ و بە مەبەستی نگریس و بۆگەنی شەخسی ئەو دڕدۆنگییە ساز کراوە و ئەو تۆمەتەیان لە ئێمە بنەماڵەی ئێلخانیزادە داوە بۆ ئەوەی ئێمە لە پێش چاوی خەڵک سووک کەن و ناومان بزڕێنن و کوڵی هەستی ئێرەیی پێ بردن و بەدبینی خۆیان دامرکێنن

هەموان دەزانن ئێمە خائینی نیشتمانفرۆش نین. خەیانەتکار کەسێکە دەیەوێ خەڵکی شەریف و نیشتمانپەروەر بەد نێو بکا. ئەمن ئەو جۆرە هەرزەوێژ و تۆمەت لێدەرانە دڵنیا دەکەم ئەو جۆرە دەنگە وەشوومانە قەت لە ووزەیان دا نابێ داوێنی نیشتمان پەرستیی ئێمە پەڵەدار کەن یان بڕووسکەیەکیش لە هەستی پاکی نیشتمانخوازانەی ئێمە کەم بکەنەوە. ئاغای بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی ئیتیلاعات ئەو تۆمەتە سووکایەتییەکی گەورەیە بە بنەماڵەیەکی پاک و شەریف و لەمێژینەی ئێرانی و بە هیچ جۆر نابێ چاوی لێ هەڵببوێردرێ و جێی لێ خۆش بوون نییە. تکا دەکەم ئەو کەسەی ئەو تۆمەتەی وەپاڵ داوین بناسێنن بۆ ئەوەی لە ڕێگای دادگەی شیاو ڕا لە مەسەلەکە بکۆڵدرێتەوە و ڕاستی ئاشکرا بکرێ و خەیانەتکار بە سزای قانوونی بگا

هەر وەها دەبوو ئیدارەی ڕۆژنامەش لە مەڕ ڕاست یان هەڵە بوونی ئەو خەبەرە وورد بووباوە و سۆنگە و بەڵگەی لە ڕاپۆرتچییەکە ویستبایە. هەڵبەت بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە خەبەرە هەڵبەستراوانە، بە تایبەتی هێرشی ناڕەوای هێندێک لە ڕۆژنامەکان بە پێچەوانەی ڕێوڕەسمی ئەخلاقی یە. ئەمن بە ڕێگای ئێوە دا لە لایەن گشت تاکوتەرای ئێلخانیزادەوە ئەو بابەتە بە تەواوی وەدرۆ

دەخەمەوە، تکا دەکەم بە پێی قانوونی چاپەمەنی، دەستوور بفەرموون ئەم نووسراوەیەی سەرەوە لە هەوەڵین ژمارەی ڕۆژنامە نەتەوەییەکەتاندا لە ژێر سەردێڕی " ئێلخانیزادە وەدرۆی دەخاتەوە" بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی ئەو هەڵەیەی کراوە ڕاست بکرێتەوە و لە خوت و خۆڕایی بنەماڵەیەکی گرینگی ئێرانی لە نێو بیروڕای گشتی دا بەدنێو نەبێ

**قاسم ئێلخانیزادە**



ئیتیلاعات - بۆ ئاگاداری ئاغای ئێلخانیزادە دەبێ ڕابگەیێنین ئێمە ئەو خەبەرەمان لە کاربەدەستانی ڕەسمییەوە بە دەست گەیشت و لەو بارەیەوە کاربەدەستانی ئێرانی لە بادکووبە تێلگرافیکیان ناردووە بۆ وەزارەتی کاروباری دەرەوە و نێوی ئەو کەسانەی کە بێ پاسپۆرت چووبوونە باکۆ و نێوی ئێوەشی تێدا بووە، بەڵام ئارەزووی ئێمە ئەوەیە نەک هەر خەبەری چوونی ئێوە،بەڵکوو خەبەری چوونی گشت ئەو ئاغایانەی نێویان هاتووە درۆ بێ. ئەوەش کە سەبارەت بە بنەماڵەی خۆتان و پێشینەی نیشتمانپەروەری ئەوان و هۆگری شەخسی خۆتان بەم ئاو و خاکەی بابوباپیران نووسیوتانە نەک هەر بووە جێی خۆشحاڵی ئێمە بەڵکوو جێی خۆشحاڵی هەموانە و ئێمە ئەو هەست و نەستە پاکەتان بە پیرۆز دەزانین

بەڵام خاڵێکیش هەیە کە دەمانەوێ وەبیر جەنابی بەرزتانی بهێنینەوە و هیواداریین ئێوەش بەو هەستە پاکەی کە دەرتان بڕیوە ببنە بانگەشەدەری وی لە لای هەموو برایانی کورد ئەویش ئەوەیە لە حاڵی حازر دا ووڵاتی ئێمە زیاتر لە هەموو کاتێکی دیکە پێداویستی بە خۆ بەختکردنی ڕۆڵەکانی خۆی هەیە و دەبێ هەرتاکێکی نیشتمانپەرستی ئێرانی بۆ پاراستنی مانەوە و سەربەخۆیی و شەرافەتی میللی و قەومی خۆی تا ئەو جێیەی لە سنووری توانایی دایە تێبکۆشێ و بە دووی دژایەتی و دووبەرەکی دا نەبێ. و چاوەڕوانی ئێمە و گشت خەڵک لە هاونیشتمانانی کوردمان ئەوەیە لەم کات و ساتانەدا لەسەرەخۆیی خۆیان نیشان بدەن و نیشتمان پەرستی خۆیان بسەلمێنن و وەفاداری خۆیان سەبارەت بە میللەتی خۆیان دەرببڕن. ئێمە دڵنیاین ئێرانی تەبیعەت پاک لە هەر تیرە و قەبیلەیەک بێ ئەو ڕاستییە

لە بەرچاو دەگرێ.هەر چۆنێک بێ کار و کردەوەی ئێوە لە دادێ دا دەبێتە باشترین ناسێنەری هەستی پاک و نیشتمان پەرستی ئێوە

محەمەد حوسێنی خوسرەو پەنا لە نووسراوەیەک دا " حیزبی توودەی ئێران و پێشوەچووەنەکانی کوردستان"گفتگو، ژمارەی 53، گەلاوێژی ساڵی 1388ی هەتاوی) باسی ئەو سەفەرەی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بۆ شوورەوی و کاردانەوەی کۆڕ و کۆمەڵی باڵی ڕاستی سیاسی ئەو سەر وبەندی ئاوا دەگێڕێتەوە: " لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ساڵی 1324ی هەتاوی، کوردستان جارێکی دیکە کەوتە بەر سەرنجی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەکانی باڵی ڕاستی ووڵات کە زۆربەیان لایەنگری سەید زیای تەباتەبایی بوون. هۆی ئەو سەرنجدانە بۆ سەر کوردستان، سەفەری نا قانوونی حەوت کەس لە کەسایەتییە کوردەکان وەکوو قازیی محەمەد، عەلی ڕیحانی، هەمزاغای مامەش و خەڵکی دی بوو بۆ باکۆ و وتووێژ لە گەڵ ڕێبەرانی جمهووری ئازەربایجانی شووڕەوی. کەسایەتی و چالاکانی سیاسی باڵی ڕاست کە لە پێکهاتنی فیرقەی دێمۆکڕاتی ئازەربایجان و چالاکییەکانی ترسیان ڕێ نیشتبوو، ئەو سەفەرەی دەستەی کوردیان بۆ باکۆ وەک هەنگاوێک نرخاند کە بە مەبەستی دووپاتە بوونەوەی ڕووداوەکانی ئازەربایجان لە کوردستان بێ ولەو بارەیەوە نووسییان: " ئەو کەسانەی نێویان هات نوێنەرایەتی کۆمیتەیەکی کوردییان هەبووە کە بۆ جوێ کردنەوەی بەشێک لە کوردستان لە ئێران هێندێک ڕێکخستنیان پێک هێناوە و هێندێک کاریان کردووە و بە نێوی ئەو بەشە لە کوردستان بۆ وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی شووڕەوی و داوای یارمەتی چوونە ڕووسییە و گەڕانەوە." [ ڕۆژنامەی کانون ، ژمارەی 55 (1162)، 20ی ڕەزبەری 1324ی هەتاوی] هەر وەها نووسییان " ئەو دەستەی شەش کەسییەی کورد بە حەوت کامیۆنان گەڕانەوە بۆ ئێران و هەر کامیۆنەش ئەفسەرێکی بێگانەی تێدا بوو ، سەری بارهەڵگرەکان دا پۆشرابوون و بە هیچ جۆر دیار نەبووە باریان چییە و ئاوا هاتنە نێو مەهاباد." [ڕۆژنامەی کانون، ژمارەی 48 (1155). 12ی ڕەزبەری 1324ی هەتاوی]. سەبارەت بە باری ئەو کامیۆنانە هێندێک لایەن گوتیان چەک بووە و هێندێکی دیکەش ئاماژەیان کرد بە شەش تۆن کاغەز و دوو دەستگای ماشین تەحریر.[ بڕوانە : ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارەی 5881م 2ی خەزەڵوەری 1324، ڕۆژنامە اطلاعات، ژمارەی 5884، 24ی ڕەزبەری 1324ی هەتاوی]. ئەگەر چی ئەندامانی دەستەی نوێنەرایەتی کورد قازیی محەمەد، محەمەد حوسێنی سەیفی قازی، عەلی ڕیحانی، هەمزەی مامەش، عەبدوڵای قادریی جەڵدیان و [ ئەمیر] ئەسعەدی ئێلخانیزادە] بە ڕەسمی و بە ڕێگای تێلگرافی تاکە کەسی و بە کۆمەڵ نکووڵیان لەو سەفەرە کرد بۆ باکۆ و نووسییان: " مەبەست لە بڵاو کردنەوەی ئەو جۆرە درۆ و دەلەسانە ئەوەیە شارستانی مەهاباد کە لەو ماوەیە دا لەوپەڕی هێمنی و ئاسایش دا ژیاوە تووشی ئاڵۆزی و دووبەرەکی بکەن"

[ بۆ نموونە بڕوانە ڕۆژنامەی اطلاعات، ژمارەی 5880]، لە گەڵ ئەوەشدا کەس باوەڕی نەکرد بە ئەو وەدرۆ خستنەوەیەی ئەوان کردیان. ڕۆژنامەکانی ڕاستئاژۆ، بەتایبەتی لایەنگرانی سەید زیا، کە بە هەستیارییەوە ڕووداوەکانی مەهابادیان تاقیب دەکرد، سەبارەت بە پێشوەچوونەکان و بارودۆخی مەهاباد لە دوای گەڕانەوەی دەستەی کورد دەستیان کرد بە بانگەشەیەکی بەربڵاو و تەنانەت ڕایان گەیاند : " کۆمەڵەی ژ.ک. شارستانی مەهاباد بە ڕێوە دەبا و لە سەربانی ئیدارە دەوڵەتییەکان لە جیات ئاڵای ئێران ئاڵای سوور و لە هۆڵەکانی خانووی ئیدارە دەوڵەتییەکان لە جیات وێنەی شاهەنشای ئێران

وێنەی ستالین سەرۆکوەزیری دەوڵەتی ڕووسییە دەبیندرێ". [ڕۆژنامەی کانون، ژمارە 55 (1162)
20ی ڕەزبەری 1324ی هەتاوی

ئەبولقاسمی سەدری قازی نوێنەری مەهاباد لە مەجلیسی شووڕای میللی ئێران، وا دیارە لە بەر ئەوەی باسی ئەو سەفەر لە مەجلیس یشدا قسەی لێوە کراوە، بە دوور و درێژی لە سەر ئەو بابەتە دواوە و لە گەڵ نکووڵی لێکردن لە سەفەرەکە، ئەو دەرفەتەی بە کارهێناوە بۆ لە قاو دانی زێهنییەتی مەرکەزنشینان لە ئاست کوردان

ڕۆژنامەی ئیتیلاعات، ساڵی بیستەم، ژمارەی 5946 پێنجشەمۆ هەوەڵی سەرماوەزی 1324ی
هەتاوی/ 22ی نۆڤامبری 1945
ئاغای سەدری قازی لە کۆبوونەوەوی بەسرپێریی مەجلیس



ئاغای سەدری قازی نوێنەری مەهابادی کوردستان ڕۆژی ڕابردوو لە مەجلیسی شووڕای میللی دا سەبارەت بە نیشتمان پەرستی و شا دۆستی کوردەکان ئەم ووتەیەی خوارەوەی پێشکێش کرد

گۆیا بەندە مافم هەبێ،لێرە لە مەجلیس، گلەیی لە ئاغایانی بەڕێز بکەم ئەو کاتەی هێرش دەکرێتە سەر مەڵبەندی لێ هەڵبژێردرانی من. ئەگەر من بێدەنگ بم، ئعتراز دەفەرموون کە بۆچی نوێنەری ئەوێ بێدەنگە و کاتێکیش دەمەوێ هێندێک شت بۆ ئاگاداریی ئاغایان باس بکەم تا نۆرە دەگاتە من دەنگ بەرز دەبنەوە نوختەی نیزامی، نوختەی نیزامی (یەکێک لە نوێنەران فەرموو ئاغا) . بەندە داوخوازیم ئەوەیە ئاغایان لوتفیان زیاتر بێ و سەرنجێکی زیاتر بدەنە سەر قسەکانی من، چونکە ئەگەر وا نەبێ ئەو دەمی وا لێک دەدرێتەوە کە خودای نەخواستە لە گەڵ من کە نوێنەرێکی ناوچەییم و لە گۆشەیەکی ووڵات ڕا هاتووم و هەڵبەتە لە مەجلیس دا دەستم ناڕوا ، ئاغایان فەرق و جیاوازی دادەنێن ( یەمینی ئێسفەندیاری، بە هیچ جۆر وانییە، فەرموو ئاغا )عەرزتان بکەم، ئەمن هێندێک شتم لێرە دەرخستووە

و دەمەویست سەبارەت بەو قسە پووچ و نێوبەتاڵانەی ئەم ڕۆژانە بڵاو ببوونەوە بە عەرزی مەجلیس بگەیێنم و بە داخەوەم کە لە دوو کۆبوونەوەی پێشووتریش دا یەکێک لە هاوکارانی بەڕێز بە خراپ لە قسەکانم تێگەیشتبوو. و ئەویش بریتی بوو لەوەی کە هاوکاری بەڕێزی بەندە پێی وابوو من ئعتراز دەکەم بۆچی هێندێک لە ڕۆژنامەکان قسەکانی ڕادیۆی پاریس یان بڵاو کردووەتەوە، لە کاتێکدا ئەمن ئعترازم بەوە نەکرد.قسەی من ئەوە بوو کە ئەو دەنگۆیانە خەتای هێندێک لە ڕۆژنامەکانی ناوەندە کە بە بێ لێکۆڵینەوە هێندێک شت دەنووسن و ڕۆژنامە و ڕادیۆ بێگانەکان بابەت و خەبەرەکانی ئەوان وەردەگرن و بڵاویان دەکەنەوە- ئعترازی من ئەوە بوو. ئێستا باوەڕم هەر وایە. قسەم ئەوەیە بابەتەکان دەبێ خۆمان هەڵیان سەنگێنین و لێکیان کەینەوە، ئەو شتانەی کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی وولاتن نابێ ڕێگایان پێ بدەین لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بکرێنەوە.چونکە ئەگەر چوار سەربەگێچەڵ لە دەوری یەک دانیشن و هێندێک خەون ببینن و شتیان لە بن سەر بێ، کێ ئاگای لە وانە، کێ ئاگای لەوان نییە،جا بێنین و لە سەر ئەو مەسەلانە هێندێک شت خۆمان بە هەبوویان دانێین و بیان ڕازێنینەوە و بیانهێنین لە ڕۆژنامەی ناوەند دا بڵاویان بکەینەوە دەکرێ ئەو دەمی چاوەڕوان بین ڕادیۆ بێگانەکان باسیان نەکەن؟( [نوێنەرێک] ڕاست دەکەی). ئەوە بوو ئەوەی بەندە عەرزم کردن دەنا ئەمن جەسارەتێکم نەکرد و بەتەواوی بێلایەنم و ئەمن کەسێکم جگە لە بەرژەوەندی وولات نەزەرێکم نییە. هەڵبەت من تاقیکردنەوەی خۆم داوە و ڕەنگە لە نێو ئاغایانی وەزیرانیش دا هەبن کەسانێک کە لە نیزیکەوە وەزعی من بزانن و پێویست بەوە ناکا وەزعی خۆم شی بکەمەوە. ئەمن لەو دەرفەتە کەلک وەردەگرم سەرنجی ئاغایان و شەخسی ئاغای حەکیمی سەرۆکوەزیر سەبارەت بە هێندێک جەرەیانی کە بە پێچەوانەی بەرژەوەندی گشتی دەکرێ ڕادەکێشم تاکوو ئینشاڵا بۆ پێشگیری لێ کردنیان هەنگاوی کاریگەر هەڵبهێننەوە

یەک لەو شتانەی کە دەبێتە هۆی دووبەرەکی و دڵ ئێشە لە نێوان تاکوتەرای کۆمەڵ دا، سازکردنی گومانە لە نێوان ئەوان دا، بەتایبەتی ئەگەر هێندێک کەس جا کاربەدەستی ڕەسمی بن یان ناڕەسمی پێداگری بکەن بۆ ئەوەی کاربەدەستانی بەرزی وولات بە قسەی نێوبەتاڵ و بە دوور لە ڕاستی لە ئاست خەڵکی دیکە بەدبین بکەن بۆ ئەوەی بکرێ بە خەیاڵی خۆیان لە ئاوی لێڵ ماسی بگرن. بەندە بە پێویست نازانم لەو بارەیەوە زیاتری لە سەر بڕۆم لە مەر ئەوەی کە پێوەندی پەیدا دەکاتەوە بە شوێنی هەڵبژێردرانم هێندێک شتتان عەرز دەکەم

لە پارەکەوە بەم لایەوە زۆر ڕاپۆرتیان بە دژی عەشیرەتە کوردەکان دا بە ناوەند کە خۆشبەختانە دوای لێکۆڵینەوە هیچکامیان وەڕاست نەگەڕان و سەبەبی هەرە باشیشی ئەوەیە ئێستا چلۆنایەتی هەرێمی کوردنشین وەکوو ڕابردوو وایە، هیچ شتێک لەو تۆمەتانەی وەپاڵیان دەدرا شین نەبوو. پێشتر ئەوەتان بە عەرز بگەیێنم مەبەستی من ئەوە نییە بڵێم لە نێو عەشیرەتە کوردەکان دا کەسی خراپ نییە، لە هەموو کوێیەک و لە نێو هەموو حەشیمەتێک دا خەڵکی خراپ و دوو زمان هەن، بەڵام بەگشتی نابێ هەرێمێکی گرینگی وولات بە دنەی چەند کەسی بە غەرەز و خێرنەخواز لە دەوڵەت نائومید بکرێ – لە خەرمانانی 1320 وە [ ئووتی 1941] تا ئێستا چەندین جار سەرۆک عەشیرەتە کوردەکان و کەسانی دیکە تەنانەت لە کارمەندانی ڕەسمی دەوڵەت هێندێک سەفەریان کردووە و دوای چەند ڕۆژ مانەوە و بینینی دەزگا فەرهەنگییەکانی دراوسێیەکانی دۆست و هاوپەیمان گەڕاونەتەوە بێ ئەوەی کەمترین گۆڕانێک لە ڕوحییەی ئەو کەسانە یان دەرەجەی نیشتمان پەروەرییان دا پەیدا بووبێ. لەو دواییانەش دا دەنگۆ بڵاو بووەوە هێندێک کەس چوونەتە سەفەر. بەندە هێشتا ئاگادارییەکی تەواوم

سەبارەت بە ڕاستی یان ناڕاستی ئەو خەبەرە نییە. لە ڕۆژنامەکان دا دیتمان کە ئاغایان خەبەری سەفەری خۆیان وەدرۆ خستووەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، دیتمان کە چەندە شتی بێ بنەمایان بەو سەفەرەوە هەڵئاوەسی و چەندە شتی درۆیان پێوە نووساند. بۆ وێنە گوتیان کوردەکان ئەنجومەنێکیان بۆ جوێ کردنەوەی خۆیان پێک هێناوە و ک.ک.ک. واتە کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کورد نیشانەی ئەوە. یەکەم ئەوە نیشانەی کۆمەڵەی گەنجی کورد واتە ئەنجومەنی لاوانی کوردە و دووهەم، ناوەندی ئەو ئەنجومەنە لە کوردستانی عێراقە و بە هیچ جۆر پێوەندی بە کوردەکانی ئێرانەوە نییە و ئەگەر کەسانێک لە لایەن ئەوانەوە بێنە ئێران و هاتووچوو بکەن پێم وا نییە بانگەشەی ئەوان شوێنێکی کردبێتە سەر عەشیرەت و کوردە ئێرانییەکان و هەر وەها ئەو دەنگۆیە بڵاو کراوەتەوە کە لە مەهاباد پۆرترەی ئەعلاحەزرەتی شایان لە ئیدارەکان لابردووە. ئەوە هەموو دەیزانن کوردەکان بە پێی باوەڕی مەزەبی خۆیان سوڵتان بە خاوەن فەرمان و گوێڕایەڵی لێکردنی بە واجب دەزانن و بە پێی پەروەردەی مەزهەبی هەتا بڵێی هۆگریان زۆرە لە ئاست خاوەن سەلتەنەت و هیچ مومکین نییە لە باوەڕی خۆیان هەڵگەڕێنەوە و بە پێچەوانەی ببزوونەوە

هەر ئەو ئاغایانەی کە پێیان دەڵێن سەفەریان کردووە کەسانێکن زۆر جار تاقیکردنەوەی خزمەت و نیشتمان پەرستی یان داوە و بو شاهیدی گشتیش تاکوو ئێستا ناوچەی کوردنشینی مەهابادیان باشتر،ئارامتر و هێمنتر لە شوێنی دیکە ڕاگرتووە. زۆربەی ئەو ئاغایانە هەر کات دەوڵەت ویستبێتی بە ئیشارەیەکی تێلگرافی دەستیان لە ماڵ و ژیانو کار و کاسبی خۆیان هەڵگرتوو و هاتنە تاران و داوا دەکەین ئاغایان ئینسافیان بێ ، داخودا ئەوەیە مانای سەرپێچی ؟ تاوانبار کردنی ئەو کەسانە بە خەیانەت بە نیشتمان وووڵات کاردانەوەی زۆر خراپی دەبێ لە سەر ڕووحییەی ئەوان.ئەوە شێوەیەکی باش نییە. پێتان سەیر دەبێ بڵێم پارەکە ئەو کاتەی ئەو ئاغایانە لە تاران بوون یەک بە دوای یەک دا ڕاپۆرتی تێلگرافی دەگەیشتە تاران کە ئەوانە لە ناوچە خەریکی هان دان وپیلان گێڕانن و کەسیش نەبوو لێپرسینەوە بکا و بڵێ ئەو ئاغایانە ئەوە چەند مانگە لە تارانن، مەبەست لەو ڕاپۆرتە دژی ڕاستییانە چییە؟ ئەمن لەو باوەڕە دام ئاغایانی کاربەدەستی دەوڵەت و خاون ڕۆژنامەکان بە تایبەتی دەبێ ووشیار بن و سەرنج بدەن و کارێک نەکەن دڵان بڕەنجێنن و بە قسەی ناڕاست و لە سەر بنەمای ڕاپۆرتی کەسی بەغەرەز نەبنە هۆی دڵ ساردبوونەوەی بەشێک لە دانیشتووانی ووڵات. هەڵبەتە هەموو ئاغایانی نوێنەرانی مەجلیس بیستوویانە لە گەڵ بڵاو بوونەوەی خەبەر سەبارەت بەو سەفەرە هەڵبەستراوە لەو دواییانە دا هێندێکان نووسیویانە ئەوان چەند کامیۆن چەکیان لە گەڵ خۆیان هێناوە، هێندێکی دیکە گوتوویانە چەند ماشێنی تەحریر و کاغەز و تەنانەت هێندێکان ئیدیعا دەکەن بە چاوی خۆیان ئەوانەیان دیتووە

یەکەم دەبێ عەرزتان بکەم کوردان چەکیان هەیە و پێویستی بە داوا کردنی لە دەرەوە ڕا ناکا. دووهەم ئەوەیە، ئەگەر هاتبا و خەڵکی دیکە چەکیان دابا بە کوردان پێویست نەبوو شار قۆرغ بکرێ و بەو پێیە سەرنجی خەڵک ڕابکێشرێ، بۆ چما قات و قرێ شوێنە یان وەسیلە نیە کە بە نهێنی لە مەهاباد چەک تەحویلی [کوردان] بدەن. هەر وەها هێنانی ماشین تەحریر و کاغەز بە نهێنی سیاسی دانان. لە ڕاستییدا دەبێ بڵێم بیری ئاوا لە مێشکی کەسانی ئەوتۆ وە دەدەڵێ کە کەمترین هەستی نیشتمان پەرستی و ئێرانییەت یان تێدا نییە بەڵکوو کەسانێکی بوودەڵەن کە بەرژەوەندی و قازانجی خۆیان لەوە دا دەبینن مەیدانێک وەدەست بهێنن و بە تەنێ ببنە ئیختیارداری گیان و ماڵ و ناموسی خەڵک. ئەو کەسانەی بە پێچەوانەی ڕاستی کورد وەک نامۆ لە ئاست نیشتمان و مەملەکەت دەناسێنن،ڕێگایان هەڵەیە و دیار

نییە خۆیان سەریان بە کوێوە بەندە. ئەمن بە ئاشکرایی عەرز دەکەم کوردی ئێرانی هۆگری نیشتمانی خۆیەتی. کوردەکان گەلێکی ئازا و نیشتمانپەروەر و بە غیرەتن ( [ نوێنەران] ڕاستە) و هەرچەندەش لە لایەن سەرانی دەوڵەتەوە خەمساردی و بێ مێهرییان لەگەڵ بکرێ دەست لە باوەڕی و عەلاقەی خۆیان بە ئێران هەڵناگرن ( [نوێنەران] ڕاستە)، بەڵام ئەو دەنگۆیانەی بڵاو دەکرێنەوە لێیان زەحمەت دێ، ڕەنگە مەبەستی خێرنەخوازانیش هەر ئەوەبێ بەو شێوەیە ئەوان لە دەوڵەت دڵسارد کەنەوە، هەرچۆنێک بێ مەبەستی من ئەوەیە سەرنجی دەوڵەت بۆ سەر قسەکانی خۆم ڕاکێشم و تکا دەکەم، یەکەم بە ڕێگای کەسانی بێ غەرەز و جێی باوەڕ ڕاستیی ئەو ڕوداوانە ڕوون بکەنەوە. دووهەم لە دەست نیشانکردن و دانانی مەئموران و ئەو کەسانەی بۆ سەرپەرستی ناوچە کوردییەکان دەچن وورد بوونەوەی پێویست بکرێ تاکوو تووشمان بە تووشی دانانی مەئمووری نالێوەشاوە و خێرنەخوازەوە نەبێ

لە کۆتایی دا سەرنجی سەرۆکی بەڕێزی دەوڵەت ڕادەکێشم بۆ سەر بارو دۆخی فەرهەنگی و لەش ساغی شارستانی مەهاباد کە هیچ لایان لێ نەکراوەتەوە و بێ لوتفییان لە گەڵ کراوە. شارستانی ناوبراو نە فەرهەنگی حیسابی و نە لەشساغی هەیە . هیوا دارم سەرنجێکی تایبەتی بدەنە سەر فەرهەنگ و بێهداری ئەوێ، چونکە بەندە دەبینم تەنێ کاتێک تۆمەت بۆ [خەڵک] هەڵدەبەسترێ ناوی مەهاباد دەبردرێ، دەنا لە دانانی بوودجە دا ، بەتایبەتی کاتێک باسی فەرهەنگ و بێهداری دەکرێ بەداخەوە مەهاباد پچووکە و هێچ ئاوڕی وێ نادرێتەوە بەڵام کە دەگاتە تومەت لێدانی، تۆمەتی زۆر گەورەی پێوە دەبەستن کە هێندە زۆرن باس کردنیان ناگونجێ

ڕۆژنامەی حەوتووانەی کوهستان کە لەو سەروبەندە دا لە تاران دەرکەوتووە و پشتیوانی لە مافی کوردان کردووە و ئەو ناعەداڵەتیيانەی لە قاو داوە کە لە ناوچەکانی کوردستان لە خەڵک کراون، سەبارەت بە خەبەرەکەی ڕۆژنامەی اطلاعات و هەر وەها ئعترازی دەستەی نوێنەرایەتی کورد بابەتی بڵاو کردووەتەوە و لە ژمارەی 32 دا لە گەڵ شیکردنەوەی خۆی سەبارەت بەو بابەتە دەقی تێلگرافی سێ لەو کەسایەتییانەی " اطلاعات" باسی کردوون بڵاو کردووەتەوە. ئەو تێڵگرافە ئیمزای " عەلی ئێلخانی " [ دەبێ عەلی ئاغای عەلییار، ئەمیر ئەسعەد بێ] وعەبدولقادری جەڵدیان" یشی پێوە، کە بە ئەگەری زۆر ئەو نێوەی دووەم هەڵەیە؛ عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی لەو سەفەرە دا نەبووە و ئێمزا کردنی ئەو تێلگرافە لە لایەن وییەوە لە گەڵ قازیی محەمەد و سەیفی قازی گرینگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە ڕەنگە بەو شێوەیە لایەنی کوردی ویستبێتی پاساوی پتەوتر بۆ نکوولّی کردنی خۆی لەو سەفەرە بهێنێتەوە. لە خوارەوە تێبینی ڕۆژنامەی حەوتووانەی " کوهستان" و دەقی تێلگرافی لایەنی کوردی دەخوێننەوە

**نامەی حەوتووانەی کوهستان**

ژمارەی ۳۲، دووشەمۆ ۷ی خەزەڵوەری ۱۳۲٤ی هەتاوی ] ۲۹- ۱۰-۱۹٤٥ ]

وەدرۆ خستنەوەی سەفەر بۆ بادکووبە

لە گەڵ سەر ووتاری ژمارە ۲۹ لە ژێر سەرنووسی ( مەهاباد لە جوێ بوونەوە ناشێ) بە ڕاستی نەمانتوانی دەنگوباسی سەفەری هێندێک لە بەڕوومەتانی مەهاباد بۆ بادکووبە باوەڕ بکەین ئەگەرچی لە دوای ئەو بەروارە و وەدرۆخستنەوەیەکی کە ئاغای قاسمی ئێلخانیزادە کردی و ئەو وولّامەی کە

ڕۆژنامەی 'اطلاعات' بە بەڕێزیانی داوە و ئەو خەبەرەی کە حەوتووی ڕابردوو لە ڕۆژنامەکان دا چاپ کرابوو وئێمەش وەکوو خۆی لە ژمارەی ڕابردوو دا بڵاومان کرد بووەوە، بابەتەکە لایەنی ڕاستی بەخۆیەوە گرتبوو بەڵام لە ئاست تێلێگرافی خوارەوە دا دیسان ڕەوایە سەبارەت بە سەفەری بادکووبە دوو دڵی هەبێ چونکە لە لایەکەوە کاربەدەستانی ڕەسمی دەڵێن سەفەرێکی ئاوا کراوە و لە لایەکی دیکەوە ئەو کەسانەی کە وەک موسافیر ناسێندراون ئەو سەفەرە وەدرۆ دەخەنەوە و دەڵێن ئەگەر ئێمە تەمای سەفەرمان هەبا هۆیەک نەبوو بە بێ ئیزن بچین و لە جێگایەکی دیکەی تێلێگرافەکە دا دەڵێن

دڵنیایی دەدەین نەتەوەی کورد نێشتمان فرۆش نییە، نیشتمانپەرستی و گیانبازی خۆی لە پێناو سەروەرییە نەتەوییەکاندا بە هەموو دنیا سەلماندووە. بەو پێیە پێویستە یەکەم کاربەدەستانی کاروباری ووڵات لە بەرچاو بگرن کە گەورە کردنەوەی ئەو بابەتە و لایەنی گرینگ پێدانی و بە دەوری ئەو بیر و ڕایە دا هاتن لە بەرژەوەندی ووڵات دا نییە، دووەم لە کاتێک دا کە ئەو جۆرە ڕووداوانە گوزارشت دەکرێ باشترە کاربەدەستانی دەوڵەت لە جیات شێواندنی بیرو ڕای گشتی لە نێوەرۆکی بابەتەکە بکۆڵنەوە نەک ئەوەی شێوەی دوژمنکاری وەبەر بگرن و بە مەبەستی حیساب پاک کردن لەگەڵ عەمر و زەبید ئاورەکە زیاتر بگەشێننەوە.

بۆ ئاگاداری خوێنەرەوان لە خوارەوە ئەم تێلگرافەی کە لە تەورێزەوە سەر لەبەیانی رۆژی ۳۰-۷-۲٤ بە دەفتەری ڕۆژنامە گەیشتووە بڵاو دەکەینەوە

لە تەورێزەوە – بەرواری ئەسڵ ۲٦ – ۷ - ۱۳۲٤ / ۱۸ – ۱۰ – ۱۹٤٥

تاران مەجلیسی شووڕای میللی،نوسخە ئاغای سەدری قازی، نوسخە ڕۆژنامەی اطلاعات، ارس، کشور،باختر، کوهستان، نوروز ایران، اقدام، کیهان

ئەمڕۆ ڕۆژنامەی اطلاعات مان خوێندەوە کە گۆیا ئەم کەسانەی لە خوارەوە ئیمزامان کردووە ئەو ڕۆژانە چووینەتە بادکووبە.بە پێویستی دەزانین بە جیدی ئەو [خەبەرە] وەدرۆ بخەینەوە و سەرنجی نوێنەرانی بەڕێز و بەرێوەبەرانی ڕۆژنامەکان ڕابکێشین کە مەئموورە خائینەکان بە بڵاو کردنەوەی ئەو درو و دەلەسانە دەیانەوێ ویلایەتی مەهاباد کە لەو ماوەیە دا لەو پەڕی ئارامی و شانازی دا ژیاوە لە خوێن بگەوزێنن و ڕێگا بۆ مەئموورە زاڵم و خوێنخۆرەکان بکەنەوە و هەر وەک ڕابردوو سەربازان و ژاندارمان بە سەر گیان و ماڵی ئێمە دا زاڵ بکەن دەنا ئەگەر سەفەرێکی ئاوا لە پێش دابێ لە بەرچی بە بێ ئیزن وەرگرتن بێ، چما چوونە هەندەران بۆ تەواوی ئێران ئازادە و تەنێ بۆ مەهابادی قەدەغەیە. ئەوە دیسان جارێکی دیکە ئەو خەبەرە وەدرۆ دەخەینەوە و دڵنیایی دەدەین میللەتی کورد نیشتمان فرۆش نییە، نیشتمانپەرستی و گیانبازی خۆی لە پێناو سەروەرییە نەتەوییەکاندا بە هەموو دنیا سەلماندووە. ئەو جۆرە بڵاوکردنەوانە تەنێ بۆ بەدنێو کردنی خەڵکی ئەم هەرێمەیە. ماوەیەکە دەبینن لە گشت ئێران دا تەنێ مەهابادە لەو ماوەیە دا لە بشێوێنی و ناهێمنی و خیلاف و دووبەرکی لە ئەمان دا بووە

محەمەدی قازی – محەمەد حوسێنی سەیفی قازی – عەلی ئێلخانی – هەمزەی مامەش – عەبدولقادری جەڵدیان



## وێنەکان

**پێشەوا و عەلی ئاغای حاجی ئێلخانی لە ساڵانی 1930 یەکاندا**
**مێرجەعفەر باقرۆف**
**مەنافی کەریمی**
**عەلی ڕیحانی**
**قاسمی ئێلخانیزادە**
**ئەبولقاسمی سەدری قازی**
**محەمەد حوسێنی سەیفی قازی لە یەکێک لە سەفەرەکانی دا بۆ باکۆ**

--- Posted by Ruwange ڕوانگە _ at 1:10 AM